# هیچ شتێک مەنووسن لەوەی من فەرمووومە، وهەرکەسێک شتێکی نووسیووە لەوەی من فەرمووومە جگە لە قورئان؛ ئەوا با بیسڕێتەوە، وبە بێ هیچ حەرج وناڕەحەتیەک لە منەوە فەرمووده بگێڕنەوە، وهەرکەسێک بە ئەنقەست درۆ بە ناوی منەوە بکات؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێک مەنووسن لەوەی من فەرمووومە، وهەرکەسێک شتێکی نووسیووە لەوەی من فەرمووومە جگە لە قورئان؛ ئەوا با بیسڕێتەوە، وبە بێ هیچ حەرج وناڕەحەتیەک لە منەوە فەرمووده بگێڕنەوە، وهەرکەسێک بە ئەنقەست درۆ بە ناوی منەوە بکات؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لە هاوەڵانی لەوەی کە شتێک بنووسنەوە لەوانەی کە فەرموویەتی جگە لە قورئانی پیرۆز، وهەرکەسێک شتێکی نوسیووە جگە لە قورئان ئەوا دەبێت بیسڕێتەوە، پاشان مۆڵەتی پێدان لەوەی کە فەرموودە لە ئەو بگێرنەوە وهیچ گوناهێک لەمەدا نییە، بە مەرجێک بە دوای ڕاستگۆییدا بگەڕێن لەوەی دەیگێڕنەوە وباسی دەکەن لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم-، وئاگاداریانی کردەوە وهەڕەشەی لێدان بەوەی هەرکەسێک درۆ بکات بەناوی ئەوەوە ئەوا سزاکەی شوێنێک دەبێت بۆی لە ناو دۆزەخدا. ونەهی کردن لە نووسینەوەی فەرموودە هەڵوەشێندرایەوە (مەنسوخە): لە سەرەتادا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی لە نووسینەوەی فەرموودە کرد بەڵام لەبەر ئەوەی لە پاشان فەرموودەکان زۆر بوون ولەوەیە لە بیربکرێن بۆیە ڕێگەیدا بە نووسینەوەیان، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە وتارێکیدا فەرمووی: (اكتبوا لأبي شاه) [رواه أبو داود] واتە: (بنووسن بۆ ئەبی شاهـ)، لە کاتێکدا کەسێک بە ناوی ئەبی شاهـ داوای نووسینێکی کرد. وهەروەها لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلی الله علیه وسلم- کە ڕێگەی داوە بە عبداللەی کوڕی عەمرو بۆ ئەوەی بنووسێت. وفەرمانی گەیاندنی زانستی شەرعی بە ئومەتەکەی کردووە بۆیە ئەگەر زانستی شەرعی نەنووسرێتەوە ئەوا نامێنێت ولە بیر دەکرێت، ووتراوە: ئەم نەهی کردنە بۆ نووسینەوەی فەرموودەیە لەگەڵ قورئاندا لە یەک پەڕەدا بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن وببێتە جێگای گومان لای خوێنەر، وهەروەها ووتراوە: ئەمە تایبەتە بە کاتی دابەزینی قورئان لە ترسی ئەوەی تێکەڵ ببێت لەگەڵ نووسینی تر پاش ئەمە مۆڵەت درا بە نووسینەوە، وئەگەری یەکەم لە پێشترە کە ئەم حوکمە هەڵوەشێندراوەتەوە (نەسخ بووەتەوە).